Landstinget Kronoberg

ئەگەر پێویست بوو ئێوە دەتوانن لە خزمەتگوزاریی وەرگێڕانی زارەکی کەڵک وەرگرن. کاتێ کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێوە ڕێکدەخرێت، تکایە ئێمە لە پێویستی خۆتان بۆ وەرگێڕی زارەکی ئاگادار بکەنەوە. پاشان کارگێڕانی چاودێریەکانی تەندروستی بۆ ئامادەبوونی وەرگێڕی زارەکی لە کۆمپانیایەکی وەرگێڕان کاری پێویست جێبەجێ دەکەن.

## ئاڵۆزی لە کارکردندا (Functional impairment)

یاساکانی سوید بۆ کەسانێ کە بە دەست ئاڵۆزی کارکردن لە ڕەنجدان یارمەتی و چاودێری تەندروستی پێشکەش دەکات. تاکەکان بە شێوەی ئاسایی دەتوانن پاش نەخۆشییەک یان برین لێکەوتن بگەڕێنەوە سەر سەلامەتی تەواو، بەڵام ئاڵۆزی لە کارکردندا بە شێوەی ئاسایی کەس لە پاشماوەی ژیاندا بە خۆیەوە تووشیار دەکات. سنووردداربوونی کارکردن کاتێ ڕوودەدات کە شوێنی خۆجێیی لەگەڵ کەسێ کە ئاڵۆزی کارکردنی هەیە ڕاهاتوو نەبێت.

### تواناکردن و بەهێزکردنەوە (Habilitation and rehabilitation)

خزمەتگوزاری تواناکردن و بەهێزکردنەوەی ئەنجومەنی ناوچەی کرۆنۆبێرگ بۆ منداڵان، لاوان و گەورەساڵان، ئامرازێک دەنێتە بەردەستی کەسانێ کە ئاڵۆزی کارکردنیان هەیە کە ژیانی ڕۆژانەی ئەوان هاسان دەکاتەوە.

**ناوەندی وەرگێڕان** بۆ کەسانێ کە کەڕ، کەڕ و کوێرن و ئەوانەی کە ئاڵۆزی بیستنی توندیان هەیە، خزمەتگوزاری وەرگیرانی زمان پێشکەش دەکات. لە هەموو ئەو کاتانەیدا کە پێویستتان هەیە بەوەی کە لە کەس تێبگەن یان دیتران لێتان تێبگەن، مافی هەبوونی وەرگێڕێکتان هەیە. خزمەتگوزاری وەرگێڕان بەخۆڕاییە و دەتوانن لە ڕێگای ناوەندی وەرگێڕانی ئەنجومەنی ناوچەکەوە داوای وەرگێڕ بکەن.
لەو بابەتە پێویستانەیدا کە پێویستتان بە وەرگێڕ هەیە بۆ نموونە لە هەلومەرجی فریاکەوتنیدا پەیوەندی بکەن بە ١١٢.
زانیاریی زۆرتر لە ماڵپەڕی [www.ltkronoberg.se/tolkcentralen](http://www.ltkronoberg.se/tolkcentralen) دادەستەبەر بکەن.

**ڕاوێژکاریی چاودێری تەندروستی لە ڕێگای تەلەفۆنی دەقدارەوە** لە بەردەست ئەو کەسانەیدایە کە ئاڵۆزی بیستنیان هەیە، کەڕن یان بە دەست ناتوانی لە وتندا (ناتوانی لە قسەکردن) لە ڕەنجدان. زەنگی مەترسی SOS (SOS Alarm) ئەم خزمەتگوزاریانە پێشکەش دەکات و 020 33 00 00 ژمارە تەلەفۆنی ئەوەیە.
**Teletal** سێرڤیسێکی پشتگیری لە ڕێگای تەلەفۆنەوەیە بۆ کەسانێ کە بە دەست ناتوانی لە وتن، ئاڵۆزی دەنگ یان ناتوانی لە زماندا لە ڕەنجدان. کاتێ بۆ ناوەندی تەلەفۆنی ئەنجومەنی ناوچە تەلەفۆن دەکەن دەتوانن "Teletal" هەڵبژێرن. زانیاریی زۆرتر لە ماڵپەڕی [www.teletal.se](http://www.teletal.se) دا دەستەبەر بکەن.

### پشتگیری و ئامێری یارمەتی

ئامرازی یارمەتی و هەندێ پشتگیری بۆ منداڵان و تازەلاوان تا تەمەنی ١٨ساڵانی لەلایەن Hjälpmedelscentralen ەوە پێشکەش دەکرێت. Hjälpmedelscentralen بۆ گەورەساڵان کورسی تەگەرەداری ئەلێکتریکی، یارمەتی بۆ ناسین و پێوەندی و هەروەها هەندێ یارمەتی بۆ چارەسەرکردن و فێرکاریی و ڕێگاچارەی دانیشتنی پێشکەوتوو پێشکەش دەکات. هەموو یارمەتیەکان و ئامرازەکانی تر لەلایەن شارەوانییەوە دابین کراون.
زانیاریی زۆرتر لە ماڵپەڕی [www.hjalpmedel.kronoberg.se](http://www.hjalpmedel.kronoberg.se) دا دەستەبەر بکەن.

ئەنجومەنەکانی نەخۆشەکان و کەمئەندامان
ئەنجومەنی ناوچە ڕیزێک لە ئەنجومەنە جیاوازەکان لە بواری تەندروستی و چاودێری لە ماڵپەڕەکەی خۆیدا داناوە. بگەڕێن بۆ Patient- och handikapporganisationer "ڕێکخراوەکانی تایبەتی نەخۆشەکان و کەسانی کەمئەندام".
دەتوانن زانیاریی زۆرتر لەسەر ئەم ئەنجومەنانە لە کتێبخانەی خۆجێی و ناوەندی زانیاریی دەستەبەر بکەن.

Växjö: 0470 58 70 70, 58 76 42,
Ljungby: 0732 58 54 30

**ئەو زانیاریانەی لە بەردەستدان**

Landstinget Kronoberg

ئەگەر پێویست بوو ئێوە دەتوانن لە خزمەتگوزاریی وەرگێڕانی زارەکی کەڵک وەرگرن. کاتێ کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێوە ڕێکدەخرێت، تکایە ئێمە لە پێویستی خۆتان بۆ وەرگێڕی زارەکی ئاگادار بکەنەوە. پاشان کارگێڕانی چاودێریەکانی تەندروستی بۆ ئامادەبوونی وەرگێڕی زارەکی لە کۆمپانیایەکی وەرگێڕان کاری پێویست جێبەجێ دەکەن.

ئەنجومەنی ناوچەی کرۆنۆبێرگ هەندێ زانیاریی شیاو بریتی لە زانیاریی تۆمارکراو، زانیاریی سادە بۆ تێگەیشتن، هەندێ فیلم بە زمانی ئاماژە و هەندێ زانیاریی تایبەت کە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانە جۆراوجۆرەکان، پێشکەش دەکات.

زانیاریی زۆرتر لە ماڵپەڕی www.ltkronoberg.se دا دەستەبەر بکەن.